# هەڵسەنگاندنی بەشی دووەمی کتێبی(الشيخ معروف النودهي)ی شێخ موحەمەدی خاڵ لە ڕوانگەی دەستخەت و بەڵگەنامەکانەوە

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
Hemn.barznji@spu.edu.iq

عومەر مەلا کەریم بەرزنجی
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/٩/١٥ بەرواری بڵاوکردنەوەی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٣/٩

**پوختە**

شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجی وەك گەورە زانایەکی کورد و جیهانی ئیسلامی، مەلا و مودەڕیس و پێشنوێژ و سەرۆکی زانایانی سەردەمی خۆی، شێخێکی قادری ژێر قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوای بابان، هەمیشە جێیبایەخپێدان بووە، ژیاننامە و بەرهەمەکانی کەرەستەی لێکۆڵینەوەکان بوون، هەر بە زووی شێخ موحەمەدی خاڵ هەستی بەمە کردووە و یەکێك لە دانراوەکانی تایبەتکردووە بە لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی ژیاننامە و بەرهەمەکانی (شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجی), وەلێ بە تێپەڕینی کات و بەرەوپێشچوونی چاپ و گەیاندنەکان سەرچاوە و بەڵگەگەلی نوێ بەردەستبوون، بۆیە هەڵسەنگاندن و سەربارکردنی زانیاری نوێ یاخود وەلانان و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی بەشی دووەمی دانراوەکەی شێخی خاڵ، کاری ئەم توێژینەوەیەیە، ئەمیش بە ڕێگەزانی بەراوردکاریی زانیارییەکانی بەشی دووەمی دانراوەکەی شێخی خاڵ لەگەڵ دەستخەت و بەڵگەنامەکان. لە ئەنجامدا، هەندێك زانیاری نوێ خرایە سەر کارەکەی شێخی خاڵ، بەڵام زۆر زانیاری هەڵەش خرایە ڕوو، هەروەها ڕاستکرانەوە. بەشێك لە زانیارییەکانیش وەك خۆیانن، تەنها ڕاستبوونیان پشتڕاستکرایەوە. لە کۆتایدا، بەوە گەیشتین کە ئەگەرچی شێخ موحەمەدی خاڵ نزیکترە لە شێخ مارفی نۆدێوە لە ڕووی کات و ماوەی ژیان و سەردەمەوە، بەڵام زۆر ڕاستی مێژووی و بەڵگەنامە هەن، بەردەستی نەبوون و سالانی دووای شێخی خاڵ کەوتوونەتەوە بەردەست، لەگەڵ ئەوەی لەو ڕۆژگارەشدا بوونیان هەبووە، هەربۆیە دەکرێت بە هۆیانەوە کارەکەی شێخی خاڵ دەوڵەمەندتر و فراوانتر بکرێت.

**وشەکلیلەکان:** شێخ مارفی نۆدێی، بەرزنجە، بەرزنجی، شێخ موحەمەدی خاڵ، ژیان و بەرهەم

## 1. پێشەکی

شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجی، کە گەورە زانایەکی کورد و جیهانی ئیسلامییە، مەلا و مودەڕیس و پێشنوێژ و شاعیر و کەسایەتییەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی دیاریی سەردەمەکەی خۆی بووە ، هەروەها شێخێکی قادری ژێر قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوای بابان بووە، ناوی تەواوی (شێخ موحەمەد کوڕی شێخ مستەفا کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ موحەمەدی نۆدێی کوڕی بابا عەلی وەندەرێنەیی کوڕی بابا ڕەسوڵی گەورەی بەرزنجە) یە، لە ساڵی 1166ك/ 1753-1754ز لە دایك بووە، لە دووای خۆی چەندان دانراووی لە بووارەکانی (فەرمووده، ڕاستخوێندنەوەی قورئان، ڕەوانبێژیی، ڕێزمان، وشەسازیی، کەلام، فیقە و ....) نوسیووە (جبار و امین 2020ز).

یەکێکە لە دانراوەکانی شێخ موحەمەدی خاڵ، کتێبێکە بەناوی (شێخ مەعروفی نۆدێی بەرزنجی) کە لە دوو توێی 231 لاپەڕەدا، لە ساڵی 1961ز، لە چاپخانەی (دار مطبعە التمدن)، لە شاری بەغدا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەم بەرهەمە پێکهاتووە لە سێ بەش، کە بەشی یەکەم تایبەتە بە باسی (شارەزوور، قەڵاچوالان، سەردەمی شێخ مارف و بنەماڵەی بابان، شاری سلێمانی و ڕوانینێکی گشتی)، بەشی دووەم تایبەتە بە (ڕەچەڵەك و بنەماڵە و لەدایکبوونی شێخ مارفی نۆدێی، گەورە بوون و قۆناغەکانی فێربوون و خوێدن و مردنی، ڕۆشنبیری و وێژە، دانراوەکان و شێعرە زانستییەکانی)، هەرچی بەشی سێهەمیشە تایبەتە بە شێعر و پەخشانەکانی شێخ مارف لەگەڵ باسی نەوەکانی و کۆتایی کتێبەکە، لە لاپەرە 202 تا 228یش تایبەتە بە (سوپاس و پێزانین، پێرستی کتێب، پێرستی ناوداران، پێرستی شوێن، پێرستی کتێبەکان، پێرستی خێڵ و بنەماڵەکان، خستنەڕووی هەڵەکان و ڕاستکردنەوەیان، بەرهەمەکانی شێخ موحەمەدی خاڵ (الخال 1961ز).

هەڵسەنگاندن و سەرباركردنی زانیاری نوێ یاخود وەلانان و ڕاستكردنەوەی هەڵەکانی بەشی دووەمی دانراوەکەی شێخی خاڵ ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەیە، کە پشتی بەستووە بە دەستخەت و بەڵگەنامەکان، بە بەکارهێنانی ڕێگەزانی بەراوردکاریی و پەسندان .

## 2. سەرنج وتێبینییەکانی مێژووی بەرزنجە

دەربارەی مێژوو و بنەماڵەی بەرزنجی، یان باوانی بەرزنجییەکان هەندێك زانیاری دەکەوێتە بەرچاو کە جێگەی لەسەر وەستانە، چونکە یان جێی سەرنجن و پێویستیان بە ڕاستکردنەوە هەیە، یاخود هەر لە بنەڕەتەوە پێوەندیان بە بەرزنجەوە نییە و دەبێت ڕاستبکرێنەوە ، بەم شێوەیە:

شێخی خاڵ، لە لاپەڕەدا 69دا، دەربارەی بابا عەلی هەمەدانی باوکی شێخ عیسا و شێخ مووسا دەنووسێت (بابا عەلی هەمەدانی (786ك یان 805ك) مردووە، نووسەری ذخیرە الملوك، شرح اسماء الله، شرح فصوص حکم، شرح القصیدە الهمزیە، اسرار النقطە، ....). بەچەند بەڵگەیەك ئەم زانیارییانە جگە لەناوی بابا عەلی هەڵەن. چونکە لە ڕاستیدا ئەو دانراوانە و ساڵەکەش هی میر سەیید عەلی هەمەدانی یە، کە تەنها دانراوە فارسییەکانی میر سەیید عەلی 27 دانەیە، هەروەها بەرهەمە عەرەبییەکانیشی 9 دانراوە (رهبری 1401هـ)، نەك بابا عەلی هەمەدانی بەرزنجی، بەڵگەکانیش ئەمانەن:

1) شێخ مارفی ڕیشەڵانی بەرزنجی لە دەستخەتی (الرسالە المنجیة فی مناقب السادهة البرزنجیة) دا، ساڵی 754ك بۆ مردنی شێخ عیسای کوڕی بابا عەلی هەمەدانی بەرزنجی تۆماردەکات (بەرزنجی 1286ك)

2) هەموو ئەو سەرچاوانەی تایبەتن بە میر سەیید عەلی هەمەدانی و لە کۆن و نوێدا ژیاننامەکەیان تۆمارکردووە، هەموو ئەو کتێب و دانراوانە وەك بەرهەمی میر سەیید عەلی تۆماردەکەن لەگەڵ ساڵی مردنەکەشی (قدیرە 2012ز)، (ریاض 1991ز) کەواتە میر سەیید عەلی هەمەدانی باوکی شێخ عیسا و شێخ موسا نییە، بەڵکو شێخ عیسا و شێخ موسا کوڕانی بابا عەلی هەمەدانی بەرزنجین . واتە زۆرتر لە بابا عەلییەکمان هەیە و زۆر جار دانەران ژیاننامەکانیان تێکەڵکردوون (سوڵتانی 2011ز).

شێخی خاڵ، لە لاپەڕە 71 دا، دەنووسێت : (بابا عەلی 3 کوڕی هەبووە بە ناوەکانی موحەمەدی نووربەخشی، شێخ موسا و شێخ عیسا، کە لە سەردەمی باوکیاندا لە ساڵی 760ك/ 1359ز هاتوونەتە بەرزنجە). بۆچوونی شێخی خاڵ دروستە و بابا عەلی 3 کوڕی هەبووە، بەڵام موحەمەدی نووربەخشی کوڕی ئەو نەبووە، هیچ پەیوەندییەك لە نێوان موحەمەدی نوربەخشی دامەزرێنەری تەریقەتی نووربەخشی و بەرزنجە نییە کە دواتر لە لایەن شاە قاسمی کوڕی موحەمەدی نووربەخشییەوە کرایە مەزهەبێکی شێعی. چونکە موحەمەدی نووربەخشی ناوی تەواوی موحەمەد کوڕی موحەمەد کوڕی عەبدوڵڵایە و لە ناودارانی سەدەی هەشتەم و نۆهەمی کۆچییە، لە ساڵی 795ك/ 1392- 1393ز لە ئەحسا لە دایکبووە، لای گەورە زانایانی وەك ئیبن فەهدی حیلی و خواجە ئیسحاقی خەتلانی خوێندوویەتی، ساڵی 869ك/ 1464-1465ز کۆچی دوای کردووە (افروز و حلبی 1396)، بەڵام موحەمەدی بەرزنجی برای شێخ عیسا و شێخ موسای بەرزنجی یە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژیاوە (شبانکارە 1376). گەڕاندنەوەی مێژووی دروستبوونی بەرزنجەش بۆ ساڵی 760کۆچی جێی سەرنج و لەسەروەستانە، چونکە:

1) کۆنترین دەستخەتی بەرزنجە ئاماژە بە کۆتای دەوڵەتی عەباسی دەکات بۆ دروستبوونی بەرزنجە کە دەکاتە ساڵی 656ك (بەرزنجی 1744ز).

2) زۆرینەی دەستخەت و چاپکراوەکان، ئاماژە بە ساڵی 686ك دەکەن وەك بەرواری دروستبوونی بەرزنجە (مودەڕیس 1389هـ)، (سوڵتانی 2011ز)، (شێخولئیسلامی 2017ز).

3) دووەم و سێهەم کۆنترین بەحرولئەنسابی بەرزنجە و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسیش ساڵی 696ك وەك ساڵی مردنی شێخ مووسای بەرزنجی تۆماردەکەن (بەرزنجی 1286ك)، (بەرزنجی 1300ك)، (مودەڕیس 1389هـ). بەڵام شێخ مووسای بەرزنجی لە ساڵی 707ك کوژراوە (سوڵتانی 2011ز).

4) دووەم کۆنترین بەحرولئەنسابیش ساڵی 754ك وەك ساڵی مردنی شێخ عیسای بەرزنجی تۆمارکردووە (بەرزنجی 1286ك) شێخی خاڵ لە لاپەڕە 72 دا، دەربارەی شێخ موسا دەنووسێت (لەگەڵ خوشکی پێشەوای گوندەکە حاجی شێخ خالید هاوسەرگیری کردووە، پاشان ڕۆیشتووە بۆ ئاغجەلەر و لەوێ کوژراوە و لاشەکەی هێنراوەتەوە بۆ بەرزنجە و بەخاك سپێردراوە، کە هیچ کوڕێکی لە دوای خۆی بەجێنەهێشت، پاشان شێخ عیسا ئەم براژنەی خۆی خواستوو، 12 کوڕی لێی بوو). لەم پارچە نووسینەشدا هەڵەگەلێك دەکەونە بەرچاوو کە پێویستە ڕاستبکرێنەوە:

1) بەپێی کۆنترین دەستخەتی بەرزنجە لەگەڵ کچی حاجی شێخ خالید هاوسەرگیری کردووە بەناوی (مەریەم خاتوون)، نەك خوشکی شێخ خالید (بەرزنجی 1744ز)، نووسەری دووەم بەحرولئەنسابی بەرزنجەش هەمان شت دەنووسێت: (شێخ موسا لەگەڵ مریەم خاتوونی کچی حاجی شێخ خالید هاوسەرگیری کرد) ( بەرزنجی 1286ك)

2) شێخ مووسای بەرزنجی لەناو گوندی بەرزنجە کوژراوە، وەك لە مێژووی ئۆلجایتوودا تۆمارکراوە، لە لایەن مەغۆلەکانەوە، چونکە بۆتە هۆکاری مەترسی بۆ دەستەڵاتی مەغۆلەکان، هەرچەندە مێژووی ئۆلجایتوو دەڵێت: شێخ مووسا بانگەشەی

مەهدیبوونی کردووە، تا سی هەزار کەس لە دەوری کۆبوونەتەوە و بەهۆی نەزانییانەوە داوا و ئاینی ئەویان قبوڵکردووە، تایەفەیەك لە حاکمانی مەغۆل، زۆربەی پەیرەوانی ئەویان کوشت، هەروەها موساش کوژرا) (قاشانی 1348هـ). هەرچەندە لە باسکردنی 30 هەزار کەسی کۆبوەوە لە شێخ موسای بەرزنجی، مێژووی ئۆلجایتوو بە ناڕاست دابنرێت، بەڵام ساڵ و ڕوداوو و شوێنی کوشتنی شێخ مووسای بەرزنجیمان بۆ ڕووندەکاتەوە، مێژووی دانراوەکەش زۆرتر لە 700 ساڵی تێپەڕاندووە.

3) لە ڕاستیدا شێخ عیسای بەرزنجی، لەگەڵ ژنهێنانی براکەیدا، خۆشی (فاتیمە خان) دەخوازێت، پاشان (مەریەم خان) مارە دەکاتەوە.

4) تا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە کە مناڵەکانی شێخ عیسای بەرزنجی، تەنها لە فاتیمە خان و مەریەم خانن، یاخود لە فاتیمە و مەریەم و زێڕین و دایرەك. بەڵام لای شێخی خاڵ بە ڕوونی ئاماژە بەوە دراوە کە هەموویان لە مەریەمن.

شێخی خاڵ لە لاپەڕە 72 دا، ساڵی 970ك بۆ لەدایك بوونی بابا ڕەسوڵی گەورە تۆماردەکات، لەکاتێکدا شێخ موحەمەدی مەدەنی بەرزنجی کوڕی بابا ڕەسوڵ لە دەستخەتەکەیدا کە کۆنترین دەستخەتی بەرزنجەیە ساڵی 983ك دەنووسێت. هەروەها گۆڕینی ساڵی کۆچییەکەش بۆ زاینی هەڵەیە، بڕوانە خشتەی 1.

**3. سەرنج و تێبینییەکان لەسەر ژیاننامەی شێخ مارف و باوانی**

لە ژیاننامەی شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجی و باوانیدا، هەندێك زانیاریی سەربارکراوو دەبینرێت کە جێی سەرنجن، یاخود زانیاریی کەسانی دیکەیە، هەموو ئەمانە لە چەند خاڵێکدا دەخەینە ڕوو:

لە لاپەرە 69دا، شێخی خاڵ ئاماژە بەوە دەکات کە ناوی سەیید موحەمەدە و بە شێخ مەعروف ناسراو و بەناوبانگە، بەڵام بۆمان ڕوونناکاتەوە کە هۆکاری ئەم نازناوە چییە، هەرچەندە لە لاپەڕە 78 و 79 دا، ئەو شێعرە تۆماردەکات کە شێخ مارف ڕەچەڵەکی خۆی تێدا خستۆتە ڕوو:

**ان ینتسیب (محمد) عنه عفا**

**بفضله مولاه فابن (مصطفی)**

لە نووسینی عەرەبیدا (شێخ مەعرووف) و لە نووسینی کوردیشدا (شێخ مارف) بۆتە نازناو و بە زۆری لەسەر زارە، بێئەوەی نازناوی شێعری یان نووسەری بێت، بەڵام پێدەچێت مەعروف بەشێك بووبێت لە ناوەکە و لە بنەڕەتدا (موحەمەد مەعروف) بووبێت، بە تێپەڕینی کات و بەهۆی زۆر ناوهێنانی بووبێت بە (مەعروف/مارف) وەك لە شێعری (الفرائض و العقائد) بەم جۆرە هاتووە:

**قال فقیر من هو الرؤوف**

**محمد بن مصطفی المعروف.**

لە هەمان لاپەڕەدا و لە زنجیرەی ناوەکانی باوانی شێخ مارفدا، شێخی خاڵ کەناوی شێخ موحەمەدی نۆدێی دەهێنێت، دەنووسێت ناسراوە بە (کبریت الاحمر)، بەڵام بە پێی کۆنترین دەستخەتی بەرزنجە کە (کتاب الفصول فی مناقیب عبدالرسول)ـــە، کە نووسینی موحەمەدی مەدەنی بەرزنجی یە، باس لەم ناسراوێتییە نەکراوە، بەڵکو لە پێشناوەکەیەوە نوسیوویەتی (مربی الثقلین) (بەرزنجی 1744ز).

لە لاپەڕە (87) دا، شێخی خاڵ باس لە دوو کتێبخانە دەکات بە ناوەکانی کتێبخانەی تەوێڵە و کتێبخانەی بیارە لە قەزای هەڵەبجە، بەڵام بە گوێرەی بەڵگە فەرمییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، ئەم دوو کتێبخانەیە دەکەوێتە قەزای گوڵعەنبەر، هەر وەها یەکەمیان ناوی کتێبخانەی ساداتە کە لە لایەن شێخ عەبدوڵڵا ناوێکەوە درووستکراوە و 300 کتێبی تێدا بووە، ئەوەی دیکەشیان کتێبخانەی شێخ عومەری بیارەیە کە 1000 کتێبی تێدا بووە.

لە باسی خوێندنی شێخ مارفی نودێی بەرزنجیدا، شێخی خاڵ ئاماژە بە یەکەم وێستگەی خوێندنی دەکات کە لای باوکی بووە، واتا مەلا شێخ مستەفای کوڕی مەلا شێخ ئەحمەدی نۆدێی بەرزنجی، بەڵام شێخی خاڵ ئاماژە بەناوەکە ناکات، دواتر شێخ مارف سەرەتاکانی خوێندنی لە قوتابخانەی سەربازی قەڵاچوالان دەستپێکردووە کە ئاماژە بەمەش نادات، دوواتر لای مەلا موحەممەدی غەزائی دەخوێنێت کە پێدەچێت مەلا قوتابخانە سەربازییەکەی قەڵاچوالان بوویێت، بەڵام ئەمە گریمانەیە و بەڵگەمەند نییە، پاشان لای مەلا موحەممەدی کوڕی حاجی حەسەنی ناسراوو ئیبن حاج، پاشان لای مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا موحەممەدی بێتووشی (درویش 2024ز)، (تەوەکەڵی و هەورامی 2015ز).

شێخی خاڵ لە لاپەڕە 83 دا، ناوی قوتابییەکانی شێخ مارفی بەرزنجی تۆماردەکات کە 4 کەسن، بەڵام بە پێی سەرچاوەکان ناوی هەشت قوتابی شێخی نۆدێی بەرزنجی هاتووە کە ئەمانەن (شێخ مەحموودی نەقیبی بەرزنجی، شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی، شێخ ئەحمەدی موفتی ناسراوو بە چاومار، شێخ حسێنی قازیی، شێخ مارفی خەرپانی، کاك ئەحمەدی شێخ، شێخ موحەمەد فەیزی زەهاوی، شێخ بابا ڕەسوڵ کوڕی سەیید موحەممەدی بەرزنجی ناسراوو بە سەنائەدین) (درویش 2024ز).

شێخی خاڵ تەنها 52 دانراووی شێخی نۆدێی بەرزنجی تۆماردەکات، لە کاتێکدا، شێخ مارف زۆرتر 85 دانراوی هەیە، خۆشبەختانە لە ئێستادا زۆربەیان بەردەستن و لە دەستخەتخانەکانی دنیادا ماوون (البرزنجی 1956ز)، (بەگ 2005ز)، (ش. بەرزنجی 2015)، (درویش 2024ز).

**4. ڕاستکردنەوەی گۆڕینیساڵی کۆچی بۆ زاینی**

شێخ موحەممەدی خاڵ لە گۆڕینی ساڵە کۆچییەکان بۆ ساڵی زاینی، تووشی گرفتبووە، چونکە ڕۆژ و مانگی ساڵەکان نادیار بوون و تەنها ساڵەکان تۆمارکراوون، هەر بۆیە دەبێت بە ناچاری گریمانەی مانگەکان وەربگرین بۆ ئەوەی بتوانین گۆڕینێکی تەواو و درووست بخەینە بەردەست، بە نموونەیەك ئەم باسە ڕوون دەکەینەوە و ساڵەکانی دیکەی ئەم بەشەش لە خشتەیەکدا دەخەینە ڕوو.

ساڵی لە دایك بوونی شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجی کە 1166ك، ئەگەر بیگۆڕین بۆ ساڵی زاینی، ئەوا پێویستە گریمانەی مانگی 1، مانگی 3، مانگی6، مانگی 9 و مانگی 12 بۆ لە دایك بوونەکە وەربگرین، چونکە ڕۆژ و مانگی لە دایك بوونەکە ڕوون نییە، ئەگەر بەرواری 1166/1/1ك بۆ لەدایك بوونی شێخ مارف دابنێین، ئەوا بە ساڵی زاینی دەکاتە 1752/11/7ز، ئەگەر 116/3/1 بۆ لە دایك بوونی شێخ مارف دابنێین، یاخود 6/1، یان 9/1 یاخود 12/1 ئەوا ساڵەکە دەگۆڕێت بۆ 1753ز، بۆیە گۆڕینەکە وەها درووستە کە بنووسرێت 1166ك/ 1752-1753ز.

ساڵەکانی تریش بە هەمان شێوەن و لەکاتی گۆڕیندا هەڵە ڕووی داوە، بڕوانە خشتەی 1

**خشتەی 1/ ڕاستکردنەوەی گۆڕینی ساڵە کۆچییەکان**

| ساڵی کۆچی | ساڵی زاینی | لاپەڕە | ڕاستکردنەوەی گۆڕین |
|---|---|---|---|
| 760 | 1359 | 71 | 1359 / 1360ز |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1563 / 1562 | 72 | 1558 | 970 |
| 1647/1646 | 73 | 1646 | 1056 |
| 1631/1630 | 74 | 1630 | 1040 |
| 1692/1691 | 74 | 1691 | 1103 |
| 1678/1677 | 75 | 1677 | 1088 |
| 1744/1743 | 75 | 1743 | 1156 |
| 1721/1720 | 75 | 1720 | 1133 |
| 1766/1765 | 77 | 1765 | 1179 |
| 1864/1863 | 77 | 1863 | 1280 |
| 1819/1818 | 77 | 1819 | 1234 |
| 1820/1819 | 77 | 1820 | 1235 |
| 1885/1884 | 77 | 1885 | 1302 |
| 1810/1809 | 78 | 1810 | 1225 |
| 1767/1766 | 81 | 1766 | 1180 |

ئەگەرچی جگە لەو ساڵانەی لە خشتەکەدا هەن، ساڵی دیکە لەم بەشی دووەمەی کتێبەکەدا ماوون کە هەمان گرفتی گۆڕینیان هەیە، بەڵام هەمان شێواز بەکاردەهێنرێت بۆ ڕاستکردنەوەیان بە بەکارهێنانی گریمانەی مانگەکانی ساڵە کۆچییەکە. بۆیە بە پێویستمان نەزانی هەموو ساڵەکان ئاماژە پێبدەین.

**5. دەرئەنجام**

1) شێخ موحەمەدی خاڵ تەواوی دەستخەتەکانی بنەماڵەی بەرزنجی بەردەست نەبووە کە کۆنترینیان کتاب الفصول فی المناقب عبدالرسولی شێخ موحەمەدی مەدەنییە، لەگەڵ چوار بەحرولئەنساب (شێخ حەسەنی نەسابە، شێخ مارفی ڕیشەڵانی، شێخ مەحموودی قوتبی کەرکوک، شێخ موحەمەد نەجیبی بەرزنجە).

2) شێخ موحەمەدی خاڵ جگە لەو سەرچاوانەی کە نووسەرەکانیان کوردن، بۆ نووسینی مێژوو و زانیاری تایبەت بە پێشینەی باوانی بەرزنجییەکان و هۆکاری کۆچیان بۆ بەرزنجە و بنەمای دامەزراندنی بەرزنجە، سەرچاوەی نووسەرانی فارس، توورک، عەرەب، ئۆردوو، تاجیك، پاکستان، هیندستانی بەکارنەهێناوە کە زۆرترین زانیارییان دەربارەی بابا عەلی هەمەدانی و باوانی و نەوەکانی تۆمارکردووە. گرنگی ئەم سەرچاوانە لەوەدایە کە کۆنتر و باوەڕپێکراوتریشن چونکە نزیکترن لە ڕووداوەکانەوە.

3) دەستخەتی هەموو دانراوەکانی شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجی بەردەست نەبووە، هەر بۆیە شێخی خاڵ نەیتوانیووە دەربارەی هەموو دانراوەکان بدوێ و ناویان تۆماربکات.

4) شێخ موحەمەدی خاڵ لە گواستنەوەی زانیارییەکاندا پشتی بە تاکە سەرچاوەی بێلێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە بەستووە، بۆیە کەوتۆتە هەڵەی زەق و زۆرەوە.

## سەرچاوەکان

البرزنجی، عبدالقادر محمد. سادات البرزنجە. کەرکووك: چاپخانەی تەرەقی، 1956ز.

بەرزنجی، شێخ مارفی ڕیشەڵانی. الرسالە المنجیة فی مناقب السادة البرزنجیة. دەستخەت، 1286ك.

sjh@univsul.edu.iq

بەرزنجی، شێخ مەحموودی قوتبی شۆڕیجەیی. بەحرولئەنسابی ئەشرافییە. دەستخەت، 1300ك.

بەرزنجی، شێخ موحەمەدی مەدەنی. کتاب الفصول فی مناقب السید عبد الرسول. برزنجە: دەستخەت، 1744ز.

بەرزنجی، شێخ یەحیا. تەسەوف و ڕەوتی نیشتیمانی. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2015.

درویش، احمد محمد. "الشیخ معروف النودهی و جهوده فی مجال الفقه و اصوله." مجله علوم الاسلامیة 36 (2024ز): 197-232.

رهبری، عباس. "گذری بر زندگی میر سید علی همدانی." (مطالعات تاریخ و تمدن ایران و اسلام) 7، 1 (1401هـ).

ریاض، دکتر محمد. احوال و اثار اشعار میر سید علی همدانی با شش رساله از وی. اسلام اباد: مرکز تحیقیقات فارسی ایران و پاکستان، 1991ز.

سلیم قدیره. "السید علی الهمدانی و خدماته العلمیة و الفکریة." (مجله قسم العربی لجامعه بنجاب) 19 (2012ز).

سوڵتانی، دکتۆر موحەمەد عەلی. بزوتنەوە و سەرهەڵدانی عەلەوییەکانی زاگرۆس، یا مێژووی ڕاڤەیی ئالی حەق (یارسان). هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، 2011ز.

شبانکاره، محمد علی محمد. مجمع الانساب. تهران: انتشارات امیر کبیر، 1376.

شێخولئیسلامی، شێخ عەبدولکەریم شێخ ئەحمەد. پوختەی مێژووی بەرزنجە. تاران: سروشت، 2017ز.

عبدالمجید احمد جبار، و خالد عثمان حمد امین. "الشیخ معروف النودهی و جهوده العلمیة." مجله الفنون و الادب و علوم الانسانیات و الاجتماع 52 (2020ز): 36-50.

قاشانی، ابوالقاسم عبدالله کوری محمد. تاریخ اولجایتو. تهران: بنگاه ترجمه و نشر کتاب، 1348هـ.

محمد الخال. الشیخ معروف النودهی البرزنجی. بغداد: دار مطبعه التمدن، 1961ز.

موحەمەد ڕەئوف تەوەکەڵی، و وەرگێرانی یوسف زاهیر هەورامی. مێژووی تەسەوف لە کوردستان. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، 2015ز.

موحەمەد ئەمین زەکی بەگ. تاریخی سلێمانی وە وڵاتی. سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، 2005ز.

مودەڕیس، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی. بنەماڵەی زانیاران. تهران: انا، 1389هـ.

نرگس افروز، و دکتر علی اصغر حلبی. "معرفی و بررسی رساله انسان نامه سید محمد نوربخش." (فصلنامه پژوهشنامه نسخەشناسی متون فارسی) 6.(1396)